بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

بەناوی گەلەوە

## ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بڕیار: ٢٠

مێژووی بڕیار: ٢٠/٢/١٩٩٢

## بڕیار

بەپێی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی ی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٦/٣/١٩٩٣ دا ئەم بڕیارەی دا :-

١- ماوەی گرتن و بەند کردنی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی عیراق بە خزمەتی فیعلی دەژمێردرێ بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانە (العلاوە) و پلە بەرزی (الترفیع) و خانەنشینی (التقاعد) بەمەرجێك گرتن و بەند کردنەکە بەهۆی باری سیاسی و کێشەی کورد و خەڵکی کوردستانەوە بووبێ.

٢- ئەو ماوەیەی کە فەرمانبەران تیایدا بەهۆی بارودۆخی ئەوسای کوردستان و کێشەی خەڵکی کوردستانەوە لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە بە خزمەتی فیعلی دەژمێردرێ بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانە و پلە بەرزی و خانەنشینی بەمەرجێك هۆیەکەی سیاسی بووبێ.

٣- ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر سیاسەت و بەهۆی کێشەی خەڵکی کوردستانەوە لە سێدارە دراون (ئیعدام کراون) مافی خانەنشینی یان بە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی ی رادەی هەرە بەرزی ئەو پلە یان دەدرێتێ

کە تیا پەیدا بـــوون .

٤ـ ماوە ی بە شدار بوونی فە رمانبە ران لە شۆرشـــی ئە یلوولدا سالـــی (١٩٧٤) بۆ مە بە ستی زیادە ی سالانە و بلە بە رزی و خانە نشێنی دە ژمێردرێ .

٥ـ ئە نجومە نی وە زیران بۆی هە یە رێنمایی ی پێویست بۆ ئاسانی ی جێ بە جێ کردنی ئە م بریارە دە ربکـــا .

٦ـ دە بێ ئە نجومە نی وە زیران ئە م بریارە جێ بە جێ بکـــا .

٧ـ ئە م بریارە لە ڕۆژی بلاوکردنە وە یە وە لـــە ڕۆژنامە ی رە سمیدا کاری پێدە کرێ .

جوهر نامق سالــم

سەرۆکی ئە نجومە نی نیشتمانیی کوردستانی عیـــراق